https://www.doi.org/10.31918/twejer.17mlc.7

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# وەرنەگێڕی لە زمانی کوردیدا

م. ی علی حمد عثمان
بەشی زمانی کوردی
فاکەڵتیی پەروەردە زانکۆی سۆران
soran.edu.iq@ali.osman

پ. ی. د. دلێر صادق کانبی
بەشی زمانی کوردی
فاکەڵتیی ئاداب زانکۆی سۆران
diler.kanaby@soran.edu.iq

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکە بۆ ناساندنی پرسی وەرنەگێڕی و جۆر و هۆکارەکانی. توێژەران باس لە وەرنەگێڕی دەکەن وەک گرفتی وەرگێڕان لە زمانی کوردی بۆ زمانەکانی تر و بە پێچەوانەوەش. وەرنەگێڕی وەک دیاردەیەکی زمانی و کەلتووری کاتێک دێتە ئاراوە کە کەرەسەیەکی زمانی یان کەلتووری لە زمانی سەرچاوەدا هەبێت و بەرانبەرەکەی لە زمانی مەبەستدا دەستنەکەوێت. ئەمەش کۆسپ دەخاتە بەردەم وەرگێڕ لە کاتی وەرگێڕانی دەقی زمانێک کە نزیکایەتیی نەبێت لەگەڵ زمانی مەبەستدا لەڕووی بنەچەی زمانی یان کەلتوورییەوە. بە شێوەیەکی گشتیش وەرنەگێڕی بەسەر دوو جۆری زمانی و کەلتووریدا دابەش دەبێت. لە یەکەمیاندا، ڕەگەزێکی زمانی لە زمانی سەرچاوەدا دەبینرێت، کەچی لە زمانی  مەبەستدا بەرانبەرەکەی نابیندرێت و لە دووەمیشیاندا، توخمێکی کەلتووری لە زمانی سەرچاوەدا بایەخێکی تایبەتی پێدەدرێت، کەچی لە زمانی مەبەستدا جێگای نابێتەوە. جۆری سێیەمی وەرنەگێڕان، هاوکات دێتە ئاراوە کە هەردوو جۆرەکان بەیەکەوە هەن و ئەم جۆرەش لای توێژەرانی پێشین ئاماژەی بۆ نەکراوە.

**کلیلەوشەکان**: (وەرگێران، وەرنەگێڕی، وەرنەگێڕیی زمانی و وەرنەگێڕیی کەلتووری)

## پێشەکی

وەرگێڕان یەکێکە لەو کاتیگۆرییانەی کە هەر لە کۆنەوە سەرنجی زمانەوانان و شارەزایانی بواری وەرگێڕانی بۆ خۆی ڕاکێشاوە. بەردەوام هەوڵدراوە لەو کۆسپانە بکۆڵرێتەوە کە هاتۆتە بەردەم وەرگێرانەوە. یەکێک لەو کۆسپەکانەی بەردەم وەرگێڕ کە هەر لە زووەوە بۆتە جێگەی مشتومڕیی شارەزایانی بوارەکە، بریتیبووە لە شیان یان نەشیانی وەرگێڕانی دەقی شیعری و ئایینی. هۆراس، پۆپ و جانسن لەگەڵ وەرگێڕانی شیعردا بوون و دانتی، درایدن و ڤۆلتێر، باوەڕیان بە وەرگێڕانی شیعر نەبووە(دیک دیویس1391: ص 62). ئەم چەمکە دواتر لەسەر دەستی کاتفۆرد و لەژێر ناونیشانی زاراوەی وەرنەگێڕی (untranslatability) بەکارهات و ئەمەش ڕێک ئەو کاتە بوو کە ساڵی ١٩٦٥ وەرنەگێڕی بەسەر دوو جۆری (وەرنەگێڕیی زمانی و وەرنەگێڕیی کەلتووری)دا دابەش کرد(Catford 1965). ئەم توێژینەوەیە بەیەکەم کار دادەنرێت لە زمانی کوردیدا، کە تیایدا وەرنەگێڕی بەو چەمکەوە کاری لەسەرکرابێت. بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی دوو بەش لەخۆدەگرێت. لە بەشی یەکەمدا لەژێر ناونیشانی (وەرنەگێڕی، چەمک، زاراوە و هۆکار)دا چەمک و زاراوەی وەرنەگێڕی ڕوونکراوەتەوە و هۆکارەکانی خراونەتەڕوو، کە خۆی لە هەریەکە لە هۆکاری زمانی و هۆکاری کەلتووری دەبینێتەوە. لە بەشی دووەمدا بە ناونیشانی (کەرەسەکانی وەرنەگێڕی و جۆرەکانی) ئەو کەرەسانە دەستنیشانکراون کە شیانی وەرگێڕانیان نییە و جۆرەکانیان لێکجیاکراونەتەوە، کە بریتیین لە کەرەستەی زمانی و کەلتووری و بۆ هەریەکە لەمانەش جۆری تر دەستنیشانکراوە و یەکەیەکە ڕوونکراونەتەوە.

## ١- وەرنەگێڕی، چەمک، زاراوە و هۆکار

لەم تەوەرەیەدا هەوڵدراوە چەمک و زاراوەی وەرنەگێڕی بخرێتە ڕوو و جۆرەکانی وەرنەگێڕیش بناسێندرێن.

### ١-١- وەرنەگێڕی چییە؟

وەرنەگێڕی وەکو دیاردەیەکی زمانی، بەو قۆناغە دەگووترێت کە تیایدا وەرگێڕان بە بنبەست دەگات. ئەمەش بۆ ئەو تایبەتمەندی و جیاوازییە زمانی و کەلتووریانەیە دەگەڕێتەوە کە لە نێوان زمانی سەرچاوە و زمانی مەبەستدا هەیە.

### ١-٢- زاراوەی وەرنەگێڕی

ئەم زاراوەیە لە زمانی ئینگلیزیدا (untranslatability) و لە عەرەبیدا (غیر قابل للترجمة) یان (استحالة الترجمة) و لە فارسیدا زاراوەکانی (ترجمەناپذیری) یان (ترجمەناشدگی) بۆ بەکاردێت. لە زمانی کوردیشدا، بۆ ئەم دیاردەیە، ئێمە زاراوەی وەرنەگێڕی[١] پێشنیار دەکەین.

١-٣- **هۆکارەکانی وەرنەگێڕی:** سەرهەڵدان و هاتنەئارای وەرنەگێڕی لە بنەڕەتدا بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، بەشێکیان دەکەونە نێو زمان و بەشێکی تریش دەکەونە دەرووەی زمان، بەشەکەی تریش تێکەڵەیەک دەبێت لە هەردووکیان. هۆکارەکانیش بریتین لە هۆکاری زمانی، هۆکاری کەلتووری و هۆکاری هاوبەش لە هەریەکە لە زمان و کەلتوور.

**١- هۆکاری زمانی**

هۆکاری دەنگی

هۆکاری لێکسیکی

هۆکاری ڕستەسازی

هۆکاری شێوازناسی

**٢- هۆکاری کەلتووری**

هۆکاری کەلتووری کۆمەڵایەتی

هۆکاری کەلتووری شوێنەواری و جوگرافی

هۆکاری کەلتووری ماددی

هۆکاری کەلتووری ئاینی

هۆکاری کەلتووری زمانی(Sunihan 2014, p. , 120-123)

**٣- هۆکاری هاوبەشی زمان و کەلتوور**

**٢- کەرەسەکانی وەرنەگێڕی و جۆرەکانی**

**٢-١- کەرەسەکانی وەرنەگێڕی**

کەرەستەکانی وەرنەگێڕی بەشێوەیەکی گشتی بەسەر دوو بەشدا دابەش دەبن ئەوانیش بریتین لە کەرەستەی زمانی و کەرەسەی کەلتووری.

### ٢-١-١- کەرەسەی زمانی

ئەو کەرەسە زمانییانەی کە لە زمانێکەوە وەرناگێڕدرێنە سەر زمانێکی تر، خۆیان لە چەند جۆرێکدا دەبیننەوە، ئەوانیش بریتین:

**١. کەرەسەی دەنگی:**

ئەو کەرەسە دەنگییانەی کە وەرناگێڕدرێن بریتین لە کێش و سەروا، مۆسیقا و هارمۆنیای شیعر. بۆ نموونە پیرەمێردی شاعیر دەڵێ:

گیانە لە پرخەی خەوی خاومدا

پێ بنێ وەبان هەردوو چاومدا(ئاشنا ٢٠٠٩: ١٧٨).

لەو دێڕە شیعرەدا شاعیر هەوڵی داوە هاوئاهەنگییەک لە نێوان دوبارەکردنەوەی دەنگی (خ) و پرخەی خەودا دروست بکات. وەرگێڕانی ئەم هاوئاهەنگییە بۆ سەر هەر زمانێکی تر ئەستەمە.

**٢. کەرەسەی لێکسیکی:**

کەرەسە لێکسیکییەکانی هەر زمانێک ئەو کەرەسانەن کە لە فەرهەنگدا وەکو سەرەوشە تۆماردەکرێن. لەکاتی وەرگێڕاندا بەشێک لەم کەرەسە لێکسیکییانە وەرناگێڕدرێن. لەمبارەیەوە (Bassnett 2002, p. 39) دەڵێت: یەکێک لە کێشەکانی وەرگێڕان بوونی هەندێ وشەیە لە زمانی سەرچاوەدا کە ناتوانرێت وەربگێڕدرێت بۆ زمانی مەبەست، لەبەر هەبوونی بۆشایی لێکسیکی لەنێوان زمانی سەرچاوە و زمانی مەبەستدا.

زۆربەی زمانانی دنیا، وشەی تایبەت بەخۆیان هەیە، کە بەرانبەر و هاوبەهایەکیان لە زمانەکانی تردا نییە. وەک وشەکانی: (toska)،

(razbliuto) و (pochemuchka)ی ڕوســـــی، (komorebi)[٢]ی ژاپـــۆنی، (sobremesa)(٣)ی ئیسـپانی، (jayus)ی ئینـدۆنیزی، (pana po'o)ی هـــاوایی، (depaysement)ی فەڕەنســـی، (mangata)(٤)ی ســـویدی، (saudade)(٥)ی پورتوگـالی، (hyggelig)(٦)ی دانیمـاری، (utepils)ی نەرویجـی.(Katie Mather, (2015) و ( Reisenauer, A & Blogger, G (2016)

دوو وشـــەی کۆتـایی (utepils) و (goya) لە ژینـگە زمـانییەکەی خۆیاندا، یەکەمیان بە واتای (لەبەر خۆر دانیشتن و خۆشی وەرگرتن لە بیرە خواردنەوە)، لە کۆمەڵی کوردەواری و لە زمانی کوردیدا، وشـەیەک نییە کە واتای (utepils) ببەخشێت.

لەم بەشـەدا هەوڵ دەدەین، ئەو کەرەسانە بەوردی بخەینەڕوو، شـیان بکەیـنەوە و نموونەیـان لە زمـانی کـوردی و چەنـد زمـانێکی تـردا بـۆ بهێنینەوە. ئەو کەرەسانەش چەند جۆرێکن و گرنگترینیشیان ئەمانەن: (نـاو و نازنـاو: نـاوی تـایبەتی، نـاوی شـوێن، نـاوی مـاددە کیمیاوییەکان، نـاوی کۆمپانیـا، نـاوی دەزگـا و کورتکراوەکانیـان، نـاوی شـت، نـاوی کەسـایەتی، ناوی بۆن و عەترەکان، ناوی خواردنەکان، نازنـاو، نـاوی ئەفسـانەیی، نـاوی دەقە ئەدەبییەکـان و کارەکتەرەکانیـان، پەیوەنـدییە خزمایەتییەکـان، کێش و پێوانە و ئەندازە، پارە، ئاوەڵناو.)

### ١/ ناو و نازناو

ناو یەکێکە لە کەرەسـە گرنگەکانی وەرنەگێڕی و مەودایەکی فراوان لە وەرنەگێڕیدا پڕدەکاتەوە، ناوەکانیش چەند جۆرێکن.

ا- ناوی تایبەتی

لە وەنەگێڕیی ناوەکانـدا نـاوە تایبەتییەکـان پشـکی شـێریان بەر دەکەوێت و زۆربەی هەرە زۆری نـاوە تایبەتییەکـان وەرنـاگێڕدرێن. تەنانەت لەکاتی بوونی هەمان ناویش لە زمانی مەبەستدا، هێشتا ڕێگە بە وەرگێڕانی نادرێت. بۆ نمونە ئەگەر لە نـاوی فرایدەی بڕوانین دەبینین کە فرایدەیی (Friday)، نـاوی کەسـایەتییەکە لە ڕۆمـانی ڕۆبنسـۆن کـرۆزۆی (Daniel Defoe). ڕەنگە ئاسایی بێت، لەکاتی وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانە بۆ زمـانی کـوردی، نـاوی ئەم کەسـایەتییە وەربگێڕدرێت بـۆ (هەینـی) یـان (جـومعە). چـونکە لە کوردیـدا، سـەرەڕای ئەوەی نـاوەکە نـاوی ڕۆژێکـی هەفتەیە و ڕەنگە کەسەکە لە ڕۆژی هەینیدا لەدایک بووبێت، دیسان هەمان ناو لە کوردیدا بۆ ناونانی نێر بەکاردێت. ئەگەرچی گرفتێکی تریش هەیە، ڕەنگە کەسایەتی ناو ڕۆمانەکە لە ڕۆژی هەینیدا لەدایک نەبووبێت، وەکو لە ڕۆمـانەکەدا ئامـاژەی بـۆ دەکـات، بەڵکـو لە ڕۆژی هەینیـدا ڕۆبنسـۆن کرۆزۆ، ئەو کەسەی لە دوورگەکەدا دۆزیوەتەوە و ناوی ناوە فرایدەی.

لە زمانی عەرەبیشدا، وەرگێڕانی ناوی 'خمیس"ی عەرەبی، کە نـاوێکی تـایبەتییە و هاوکـات نـاوی ڕۆژێکیشـە لە ڕۆژەکـانی هەفـتە لە زمـانی عەرەبیدا، کە پێنجشەمەیە. سـەرەڕای ئەوەی لە کوردیشـدا ڕۆژێکی هەفتە لە بەرانبەر (خمیس)ی عەرەبی هەیە. بەڵام وەرگێڕانی نـاوی (خمیس) بۆ پێنجشـەم، وەکـو نـاوی کەس لە کوردیـدا نەشـیاوە. ئاسـایی نیـیە کە بگووترێت: "کاک پێنجشەمە چۆنی؟". کەواتە، هەرچەندە کەسـایەتی پیـاوی ئینگلیز لە کەسایەتی پیاوی کورد جیاوازە، بەڵام وەرگێڕانی (Mr Black) بـۆ کـاکەڕەش، وەرگێڕانێکـی نەشـیاو و نـاقۆڵا نابێـت. لەگەڵ ئەوەشـدا، وەرگێڕانی (Mr Brown)، بۆ کاک قاوەیی، سەیر دێتە بەرچاو.

ناوەکـانی (عثمـان، ابـو هریـرە، ثعلـبە، ... .) هاوشـێوەی ناوەکـانی پێشوون.

ب- ناوی شوێن

ئەمەش ناوی هەموو وڵات، شار، گەڕەک، شاخ، زەریا، دەریا،... کان دەگرێتەوە. بە واتایەکی تر هەموو ئەو ناوانە دەگرێتەوە کە فەرهەنگی تۆپۆنۆمی تۆماریان دەکات. وەکو؛ ئەمریکا، بەریتانیا، زەریای ئەتڵەسی، نیل، هەولێر، هیمالایا، منارەی چۆلی، ... .

پ- ناوی مادده کیمیاوییەکان

وەکو؛ ئۆکسجین، هیلیۆم، ئەلەمنیۆم، ...

ت- ناوی کۆمپانیا

وەکو: مایکرۆسۆفت، کانون، ئێم ئای، ئەپڵ، سۆنی، ڕۆسنەفت، فۆرد، ... .

ج- ناوی دەزگا و کورتکراوەکانیان

وەکو؛ سی ئای ئەی، یو ئێن، یونسێف، یونسکۆ، دەزگای ئەندێشە، دەزگای ژین، ... .

چ- ناوی شت

وەکو؛ تاید، ئەسپرین، کلاشینکۆف، ... .

ح- ناوی کەسایەتی

وەکو؛ ناپلیۆن، مامجەلال، بارزانی، ترەمپ، جەمالەددینی ئەفغانی، سەید قوتب، خومەینی، غاندی، تاگور، ئەنیشتاین، ... .

خ- ناوی بۆن و عەترەکان

وەکو؛ لاکۆست، عەنبەر، عود، تیرۆز، ... .

د- ناوی خواردنەکان

وەکو؛ پیتزای ئیتالّی، ملوخییەی میسری، (goulash) ی هەنگاری، (pealla) ی ئیسپانی، سوشی یابانی، پیرخەنی و داندۆک و دۆینە و ترخێنەی کوردی و ... .

ر- نازناو

وەکو؛ مەلا، پاپا، شێخ، کوێخا، حاجی، بەگ، فەقی، ئایەتوڵڵا، ... .

ڕ- ناوی ئەفسانەیی

وەکو؛ زیۆس، زوحاک، مەرجانێ جادو، چلکەزی، دایکی چلمێردان، ... .

ز- ناوی دەقە ئەدەبییەکان و کارەکتەرەکانیان

وەک؛ ڕۆمیۆ و جولێت، مەم و زین، شیرین و خوسرەو، سەریاس، قولەمەیتەر، ... .

## ژ- پەیوەندییە خزمایەتییەکان

پەیوەندییە خزمایەتییەکان لە زۆربەی زمانەکاندا لەڕێگەی کۆمەڵێک وشەوە گوزارشتیان لێدەکرێت. بەڵام واڕێکدەکەوێت کە ئەم وشانە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر تەنانەت لە ناو خودی زمانیکیشدا یەکنەکەونەوە. بە واتایەکی تر وادەبێت کە وشەیەک لە زمانێکدا بەرانبەر

چەند وشەیەکی تر بوەستێت یا چەند وشەیەک بەرانبەر دەبێت بە یەک دانە وشە لە زمانێکی تردا. بۆ نمونە وشەی (cousin) ی ئینگلیزی بەرانبەر دەبێت لەگەڵ چەندین وشەی کوردی(ئامۆزا، خاڵۆزا، پوورزا، میمکزا، بنعام)، ئەمانەش هەر یەکە لە (کوڕەمام، کچەمام، کوڕەخاڵ، کچەخاڵ، کوڕەپور، کچەپور، کوڕەپلک، کچەپلک) لەخۆدەگرێت.

وشەی (نەوە) لە شێوەزاری هەولێر کە منداڵەکانی کوڕ و کچ لەخۆدەگرێت، بەرانبەر دەبێت لەگەڵ کوڕەزا و کچەزای شێوەزاری سلێمانی.

**٢/ کێش و پێوانە و ئەندازە**

وەکو؛ تەغار، هۆقە/وەقە، ڕبە، کیلۆ، گەز، مەتر، یاردە، ئۆلک، میل ... .

هۆقە هەیە سێ کیلۆیە و هەشە چوار کیلۆ. ڕبەی تەقتەق گەورەترە لە ڕبەکانی تر، کە لە سنووری جوگرافیای گەلێکدا ئەوەندە جیاوازی هەبێت، لە ناوی پێوەرەکانی کێشدا، کە لە بڕدا زۆر لە یەکتر جیاوازبن، ئاخۆ لە وەرگێڕاندا بۆ زمانێکی تر، چۆن مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

**٣/ پارە**

وەکو؛ دۆلار، یەن، یۆرۆ، دینار، تمەن، ڕوپیە، فلس، ڕیال، قرِان، ...

**٤/ ئاوەڵناو**

ئاوەڵناویش وەکو ناو زۆر جار توشی وەرنەگێڕی دەبێت. ئەمەش ئەو کاتە دەبێت کە ئاوەڵناوێک لە زمانێکدا دەبینرێت بەڵام لە زمانێکی تر بە هەمان واتاوە نابینرێت. ئەو ئاوەڵناوانەی کە دەبنە کەرەسەی وەرنەگێڕی زیاتر لەبوارەکانی ڕەنگ، تام و بۆندان.

ڕەنگ/ لە زمانە جیاجیاکانی دنیادا جۆرەها ڕەنگ هەیە و زمانیش هەیە لە دنیا تەنیا دوو ڕەنگی ڕەش و سپی لە یەکتر جیادەکاتەوە. هەندێکی تریش سێ جۆر لەوانەش زمانی تیفی لە نایجیریا. یەکێک لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەی کە باس لە جیاوازیی نێوان زمانەکان دەکات لە ژمارەی ڕەنگەکان لێکۆڵینەوەکەی (بەرلین و کەی)ە..(Berlin, B. & P. Kay1969)

٣- **کەرەسەی ڕێزمانی**: بریتییە لە بوونی هەندێک ڕۆنان، کات، ئەسپێکت، ڕێژە، ژمارە و ڕووی کار، لە هەندێک زمان و نەبوونی لە زمانی تر.

١/ کاتیگۆریی ڕێزمانی

ا- بوونی ڕۆنانی ڕستەی کاری بێ کەس(بی شخص) لە زمانی فارسی و نەبوونی لە کوردیدا. بۆ نموونە ڕۆنانی ڕستەکانی (نمیتوان فهمید) و (باید دید) لە زمانی فارسیدا.

ب- بوونی ڕۆنانی کاتی داهاتوو لە زمانی ئینگلیزی و فارسی و نەبوونی لە کوردی ناوەڕاستدا. بۆ نموونە: من خواهم رفت. (I shall go.)

پ- بوونی ڕۆنانی ئەسپێکتی تەواوی دوور لە زمانی فارسی و نەبوونی لە کوردیدا. وەکو (من رفتەبودم).

ت- بوونی ئەسپێکتی تەواو لە زمانی کوردی و نەبوونی لە فارسیدا. بۆ نموونە (من ڕۆیشتووم).

ج- بوونی ژمارەی جووت (المثنی) لە زمانی عەرەبی و نەبوونی لە کوردی، فارسی، ئینگلیزی. وەک: (المدرسان ماهران).

٢/ ڕستە

لەبارەی وەرنەگێڕانی ڕستەوە، کۆڕشی صفوی ڕای وایە، کە دوو جۆر ڕستەمان هەیە، ئەوانەی کە واتا ڕوکەشەکەیان وەرناگێڕدرێت و ئەوانەی کە واتا شاراوەکەیان وەرناگێڕدرێت.(صفوی ١٣٧١: ٦٣)

٣/ ئیدیۆم

ئەم ئیدیۆمە (تەڵاقی بارامبەگ) چۆن بۆ زمانی ئینگلیزی یان فەڕەنسی لە ڕستەی(هەر سێ تەڵاقی بارامبەگ کەوتبێت، ئەم ترە کەڵەکە ڕاناوەستێت!!!). وەردەگێڕدرێت؟ ئایا لە زمانی ئینگلیزی یان فەڕەنسیدا، سوێندخواردن بە تەڵاق کەوتن هەیە؟

کاتێک بمانەوێت ئیدیۆمەکانی ئینگلیزی؛ (rain cats and dogs) و (cool as cucumber) بۆ زمانی کوردی یان عەرەبی وەبگێڕین، پەنا بۆ کام ڕێگا ببەین؟ یاخود چۆن ئیدیۆمی کوردی (باری هێلکانی لێ بارکە) لەگەڵ (cool as cucumber) دەگونجێنین؟

**٢-١-٢- کەرەسەی کەلتووری**

وەرنەگێڕی کەلتووری زیاتر بۆ ئەو پاشخانە مەعریفییە دەگەڕێتەوە، کە ناولێنانی شتەکانی تێدا چەکەرەکردووە. وەک دەزانرێت کورد لە ژینگەیەکی شاخاویی سارد و سازگار و دەشتی پڕپیتی کشتوکاڵیدا ژیاوە. ڕۆشنبیری و شارستانییەتی ئینگلیزیش لەسەر بنەمای میراتی ئەنگلۆساکسۆن و جیاوازییەکانی نێوان گریک و ڕۆمان و نەرمیی مەسیح

و ململانێی مەسیحییەتی ڕوکەش بنیات نراوە. ئەم دوو ژینگەیە لەیەکتر جیاوازن و زۆر جیاوازتریشن لە ژینگەی عەرەبی، کە بیابانی گەرم و وشکوبرینگدا سەری هەڵداوە و لەسەر بنەمای "دارالحکمە"ی قورەیش و بەکارهێنانی ئاینی ئیسلام بۆ بەرژەوەندیی خۆی، گەشەی بەخۆی داوە. بۆیە ئەستەمە هەموو دەربڕینەکانی ئەو عەقڵیەتە جیاوازانە بە تەواوی بۆ سەر زمانی یەکتر وەربگێڕدرێن. بۆ نموونە:

خوێندنی کوندەبۆ لە شوێنێک لە دیدی ئینگلیز و کەلتوورەکەیەوە، خۆشی و ئاوەدانییە و لە کوردەواریشدا، شومی و کاولکارییە.

جیاوازی کەلتووری وایکردووە کە بۆشایی فەرهەنگی لە ناونانی شتەکاندا بهێنێتە ئاراوە. بۆ نموونە لای عەرەب چەندەها ناوی جۆراوجۆر بۆ خورما، هەسپ، وشتر، شیر و شمشێر هەیە. لەناو کوردان تەنیا یەک دوو ناو بۆ ئەمانە دەست دەکەوێت، لە بەرانبەردا کوردیش تەنیا لە هەرێمی کوردستاندا بە دەیان ناوی بۆ کرۆسک/ هەرمێ، بەفر، گوێز دەبێت و لە ناو عەرەبی عیراقدا، بۆ هەر یەکیان تەنیا یەک ناو هەیە. لە هەندێک زماندا، زیاتر لە دووسەد ناو بۆ پەتاتە هەیە. لە هەندێک هۆزدا، وشەیەک بۆ بەستنەوەی ڕەشەوڵاغ دەست ناکەوێت چونکە ئەوان ڕەشەوڵاغ تەنیا بۆ گۆشت و پێست بەخێودەکەن نەک بۆ جوت و گێرەکردن، بەڵام کورد چەندین وشەی وەکو ئاڵاندن، گرێدان، تێکخستن، دابەستن، بەستنەوە و جەلەکردنی هەیە.

## ٢-١-٣- کەرەستەی تێکەڵ لە کەلتوور و زمان

ا- شوێن/ مەودا: گرێی (پەلامیزەک) وەک لە ڕستەی کاکە هەندە دوور نییە، پەلامیزەکە.

ب- کـات: ئەوەنـدەی جگەرەکێشـێک. وەک لە ڕسـتەی: ئەوەنـدەی جگەرەکێشێک لای دانیشتم، شارەزای بووم.

پ- یوفیزم:ماڵی (ئەبوجەهل) و (تەلەفۆنەکی دەکەم) بە واتای چوون بۆ توالێت هەروەها (لەمەچێتر) بە واتای ئەجندە (جن)، بۆ ڕزگاربوون لە بەڵای ئەوان.

ت- ئیدیەم: ئیدیەمیش یەکێکە لەم کەرەستانە بەڵام لەبەرئەوەی کە لە کەرەسـتە زمانییەکـان باسـمان کـردووە، لێـرەدا دووبـارەکردنەوەی بە پێویست نازاندرێت.

## ٢-٢- جۆرەکانی وەرنەگێڕی

زۆربەی ئەوانەی لەبارەی وەرنەگێڕییەوە کاریان کردووە دوو جۆر وەرنەگێـڕی لەیەکتـر جیـادەکەنەوە. کـاتفۆردیش یەکـێکە لەوانەی کە وەرنەگێڕی بەسەر دوو بەشدا دابەشدەکات، ئەوانیش وەرنەگێڕیی زمـانی (Linguistic Untranslatability) و وەرنەگێڕیـی نازمـانی/ کەلتـووری (non-linguistic/ Cultural Untranslatability)ن. (سـاعدی١٣٨١: ٢٢). لە جۆرەکـانی وەرنەگێڕیـدا، تـوێژەرانی ئەم بـابەتە ڕایـان وایە جـۆری سـێیەمی وەرنەگێـڕی، جـۆرێکە هـاوبەش لە هەردووک جـۆری زمـانی و کەلتووری.

## ٢-٢-١- وەرنەگێڕیی زمانی

وەرنەگێڕیی زمانی جۆرێکە لە وەرنەگێڕی و پەیوەستە بە زمانەوە و تەواوی ئەو کەرەسـتانە لەخۆدەگرێـت کە وەرنـاگێڕدرێن. لەم بـارەیەوە کـاتفۆرد پێیـوایە کە وەرنەگێڕیـی زمـانی تایبەتمەنـدییەکی فـۆڕمییە کە لە

دەقی زمانی سەرچاوەدا هەیە بەڵام لە زمانی مەبەستدا نابیندرێت. (Catford 1965 :94)

## ٢-٢-٢- وەرنەگێڕیی کەلتووری

مەبەست لە وەرنەگێڕیی کەلتووری ئەوەیە، کە دیاردەیەک یاخود کەرەستەیەکی کەلتووری، کۆمەڵایەتی، نەریتی، ئایینی یان ناوێکی مێژوویی، جوگرافی و هونەری لە زمانی سەرچاوەدا ببینرێت و لە زمانی مەبەستدا، بەرانبەرێکی نزیکی بۆ نەبێت. وەک؛ ژنبەژن، یەکشەویله[٧]، مارەبەجاش، زاگرۆس، مەککە، زەکات، ڕکاعەت، شەهید، پێشمەرگە و ماکبێس.

### ا- جۆرەکانی وەرنەگێڕیی کەلتووری

وەنەبێت وەرنەگێڕیی کەلتووری تەنیا یەک جۆری هەبێت بەڵکو چەندین جۆری جیاجیا لەخۆدەگرێت. وەک:

ا- وەرنەگێڕیی مێژوویی

خوێنی شاوەیس، مارەکەی شێخهۆمەر، حەمەتاڵی بانە، دوانزە سوارەی مەریوان،... کاتێک بۆ زمانی تر وەردەگێڕدرێن، پێویستمان بە زانینی پاشخانی مێژوویی هەریەک لەم دەربڕینانە هەیە و بۆ ڕوونکردنەوەش لە پەراوێزدا بە زمانی مەبەست تۆماردەکرێت. خۆ وشەیەکی وەک (قمیص عثمان) ئەگەر بە کوردی و ئینگلیزیش بکرێت بە (کراسی عوسمان) و (Othman's robe) دروستە، بەڵام بەبێ ڕوونکردنەوە، تێگەیشتنی ئاسان نییە. هۆکارەکەشی ئەوەیە: لەناو کەلتووری کورد و ئینگلیزدا، پاشخانێکی مێژوویی بۆ ئەم زاراوە مێژووییە نییە. مەگەر لە ڕێگای ئاینی ئیسلامەوە پێیان گەیشتبێت، ئەویش

هەمووکەس نازانێت کە ئەمە واتای بێتاوانی خەلیفەی سێیەمی ڕاشیدین، عوسمانی کوڕی عەففان دەگەیەنێت.

٢- وەرنەگێڕیی شوێنەواری

کاریگەریی سەرما و گەرما، گۆڕانی ئاو و هەوا، بەرزی و نزمی ڕووی زەوی و شێداری ژینگەیە لەسەر ناونانی شتەکان و هەستی دەربڕین. بۆ نموونە کورد دەڵێت: "کەللە/سەرم گەرم بوو"، ئینگلیز دەڵێت: "دڵم گەرم بوو[٨]، بەڵام عەرەب دەڵێت: "سینگم سارد بوو"[٩] بە واتای دەروونم فێنک بووەوە. ئەم دەربڕینانە، بۆ سووربوون و ڕشتبوونە لەسەر ئەنجامدانی کارێک. کاتێک کورد دەڵێت: "دڵم سارد بوو" یان "ساردبوومەوە"، بە واتای پاشگەزبوونەوە دێت لە ئەنجامدانی کارێک. ئەگەر ئەم دەربڕینانە وەک خۆیان وەربگێڕدرێن، واتای دەقەکانیان پێچەوانە دەبێتەوە.

٣- سایکۆلۆجی

مرۆڤەکان وەک لە زۆر شت لە یەکتر جیاوازن، لە زەینیشدا ئەو جیاوازییە ڕەنگ دەداتەوە. زۆر وشە هەن لە زەینی ئاخێوەرانی زمانێک یان زاری زمانێک واتایەک دەدات، هەمان وشە لە زەینی ئاخێوەرانی زمانێک یان زارێکی تر واتایەکی جیاوازی هەیە، ڕەنگە پێچەوانەش بێت.

لای زۆربەی گەلان، ڕەنگی سپی بۆ خۆشی و شادی و بوکگواستنەوەیە، بەڵام هیندۆس و کۆری و یابانییەکان لەکاتی تازییەدا دەیپۆشن. کاتێک ڕستەیەکی هیندی بکەیت بە کوردی، ڕەنگە وەرگێڕانەکە واتای پێچەوانە ببەخشێت، چونکا لە کوردیدا ڕەنگی سپی ڕەنگی جلی بووکە و بۆ خۆشی و زەماوەند بەکاردێت.

٤- کەلتووری ماددی

وەرنەگێڕیی کەلتووری ماددی پەیوەستە بەو کەرەسە ماددییانەی کە تایبەتن بە کەلتوری ناوچەیەکی دیاریکراو. وەک بوونی کڵاشی هەورامی، کاڵەک/کارەش، سەنگیگر و ... لە زمانی کوردی و نەبوونی لە هەندێک زمانی تردا.

٥- دابونەریت

هەر نەتەوەیەک دابونەریتی تایبەت بەخۆی هەیە و جیاوازە لە دابونەریتی نەتەوەیەکی تر، ئەو تایبەتمەندییەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر چەمک و زاراوەکانی زمان هەیە. لە دابونەریتی هیندیدا، ناوی باش و ناوی خراپ هەیە. ئەو ناوەی کە سەرەتا لەگەڵ لەدایکبووندا لە کۆرپە دەنرێت، پێی دەڵێن ناوی خراپ. ناوی باشیش لەدوای قۆناغی شیرەخۆری دێت. بۆ نمونە کاتێک دەقێکی هیندی وەردەگێڕین و ڕستەی (ناوی باشی تۆ چییە؟)ی تێدابێت، ئەوا ناتوانین بە شێوەی (ناوی باشی تۆ چییە؟) وەری بگێڕین چونکە لە زمانی کوردی ناوی باش و ناوی خراپ نییە.

## پەراوێزەکان

١- لە بەرانبەر ئەم دیاردەیەدا، سەرەتا تویژەرانی ئەم بابەتە چەند زاراوەیەکی تری وەکو: ناوەرگێڕان، وەرنەگێڕان، وەرنەگێڕدران، ناوەرگێڕدران، ناوەرگێڕی و وەرنەگێڕییان لەبەرچاوبوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە جگە لە زاراوەی هەڵبژێردراوی توێژەران، لە زاراوەکانی تردا گیرەکی وشەداڕێژی (نە)، زیاتر بەرەو ئەوەی دەبردین، کە وەرگێڕ خۆویستانە بڕیاربدات، لەسەر وەرگێڕان یان وەرنەگێڕانی کەرەستەی مەبەست لە دەقەکەدا، نەک ئەوەی کە لە زمانی سەرچاوەدا کەرەستەیەک هەبێت و لە زمانی مەبەستدا نەبێت واتا نەبوونی بەرانبەرێکی زمانی لە زمانی مەبەستدا لە بەرانبەر کەرەستەیەکی زمانی سەرچاوە. هەربۆیەش زاراوەی وەرنەگێڕی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە.

٢- لە زمانی ژاپۆنیدا سێ پارتیکل یەکدەگرن بۆ دروستکردنی ئەم وشەیە (دار، هەڵاتن، تیشک). **کۆمۆرێبی** بە واتای: ئەوکاتەی تیشکی خۆر لەنێو گەڵای داراندا فلتەر دەکرێت.

٣- کاتی تەرخانکراو بۆ ژەمی خواردن، لای ئیسپانییەکان بایەخی خۆی هەیە. **سۆبرێمێساش**، ئەوکاتە بەنرخەیە، کە ئیسپانییەکان لەگەڵ دۆستەکانییان، لەدوای ژەمی نیوەڕۆ و شێوان دادەنیشن یان ڕادەکشێن.

٤- تیشکدانەوەی تریفەی مانگەشەو لەناو ئاودا یان شەپۆڵدانی ئاو کاتێک مانگەشەو لێی دەدات. زۆر وشە بە نزیک لە **مانگاتا** دادەنرێن وەک؛ ڕووباری مانگ، ڕێڕەوی مانگ، ڕێگای مانگ، سەرهەڵدانی ئاو... بەڵام واتای هاوبەها نین. لە دوو وشە پێکهاتووە؛ (mane) بە واتای مانگ و (gate) بو واتای ڕێگا یان شەقام.

٥- ئەو شەوق و سۆزە بەردەوامەیە کە مرۆڤ هەیەتی بەرانبەر شتێک یان کەسێک کە لەدەستی داوە. سەوداسەری لە زمانی کوردیدا کەمێک نزیکە لەم وشە پورتوگالییە بەڵام واتاکەی پڕاوپڕ نییە.

٦- ئەم وشە دانیمارکییە، لەبەر کەلتووری هاوبەش، دەکرێت بۆ زمانی ئەڵمانی و زمانی دەوڵەتە ئیسکەندەنافییەکان وەربگێڕدرێت بەڵام بۆ زمانی ئینگلیزی و کوردی وەرگێڕانی ئەستەمە. وشەکە وێنای ئەو خۆشی و گەرموگوڕی و ئاسودەییە دەکات، کە مرۆڤ لە ئێوارە زستانێکی سارددا، لەناو بەتانی و لەتەگ چۆڕی مەی، لەبەر رووناکی مۆم، لە ماڵەوە ڕاکشاوە.] Katie Reisenauer, A & Blogger, G (2016)) و (Mather, (2015)

٧- بەو منداڵە دەگووترێت، کە لە تاکەشەوی مارەبەجاشدا پەیدا دەبێت.

٨- 'It warmed my heart to' (نجیب ٢٠٠٥، ص. ٣٩)

٩- "اثلج صدري ..." (نجیب ٢٠٠٥، ص. ٣٩)

## سەرچاوەکان


- ئاشنا، ئومێد، پیرەمێرد و پێداچونەوەیەکی نوێی ژیان و بەرهەمەکانی، بەرگی -٢- چاپی ٢، ئاراس، ٢٠٠٩، هەولێر.

- خلوصی، صفاء، فن الترجمة، دار الحرية للطباعة، ١٩٨٢، بغداد.

- دیک دیویس، در ترجمه ناپذیری شعر حافظ، ت: مصطفی حسینی و بهنام میرزابابازاده فومشی، ادبیات تطبیقی، س٣، ش١، پیاپی ٥، ١٣٩١، تهران.

- ساعدی، کاظم لطفی پور، اصول روش ترجمه، دانشگاه پیام نور، ١٣٨١، تهران.

- صفوی، کورش، ترجمەناپذیری در (هفت گفتار دربارەی ترجمه)، نشر مرکز(کتاب ماد)، ١٣٧١، تهران.

- **نجيب**، عزالدين محمد د. (٢٠٠٥)، اسس الترجمة من الانجليزية الى العربية و بالعكس ط. ٥، مكتبة ابن سينا، القاهرة.

- **Bassnett**, Susan, (2002), *Translation Studies 3rd. edi*, Routledge, London and New York.

- Berlin, B. & P. Kay 1969. Basic Color Terms: Their Universality and Evolution. Berkeley, CA: University of California Press.

- **CATFORD**, J. C(1965), *A Linguistic Theory of Translation, London* Oxford University press.

- **Katie Mather**, (2015), *45 Beautiful Untranslatable Words That Describe Exactly How You're Feeling*, July 22nd 2015.

- **Sunihan**, J. W. (2014). An Analysis of Untranslatability Between English and Chinese from Intercultural Perspective. *English Language Teaching V.7 NO.4*

- **Reisenauer**, A & **Blogger**, G (2016), 20 of the World's Most Beautiful Untranslatable Words, November 27, 2016, 9:13 pm.

- **Daniel Defoe**, Robinson Crusoe. http://www.planetpdf.com/

- https://www.rocketlanguages.com/blog/20-of-the-worlds-most-beautiful-untranslatable-words/

- https://thoughtcatalog.com/katie-mather/2015/07/45-beautiful-untranslatable-words-that-describe-exactly-how-youre-feeling/

## الخلاصة

هذا البحث تحت عنوان **استحالة الترجمة في اللغة الكردية**، محاولة لفهم مسئلة استحالة الترجمة انواعها و اسبابها، و الباحثان يبحثان عن استحالة الترجمة او عائقات في الترجمة من اللغة الكردية الى لغات اخرى و بعكسها. استحالة الترجمة ظاهرة لغوية، تظهر بتوقف عملية الترجمة. المترجون يواجهون ثلاثة انواع لهذه الحالة: استحالة الترجمة اللغوية، استحالة الترجمة الثقافية و استحالة الترجمة ذوتا بعدان اللغوية و الثقافية. تظهر استحالة الترجمة اللغوية عند عدم وجود وحدة لغوية متقاربة في لغة الهدف، لوحدة لغوية الموجودة في لغة المصدر. و عند عدم وجود حالة ثقافية معينة في لغة الهدف، للغة المصدر، تظهر حالة استحالة الترجمة الثقافية. اما في حالة وجود حالتان؛ استحالة ترجمة اللغوية و استحالة ترجمة الثقافية في ان واحد، هذه الحالة الثالثة لاستحالة الترجمة، و هي التي لم تبحث فيها من قبل الباحثون السلف.

**Abstract**

This research, which is intitled **Untranslatability in the Kurdish Language**, is an attempt to realize the case of untranslatability with its types and reasons. The researchers shad light on untranslatability or some kinds of obstacles in translation from Kurdish language to other languages and vice versa. Untranslatability is a Linguistic phenomenon. It appears when the translation process is stopped. The translators face three kinds of untranslatability; Linguistic untranslatability, cultural untranslatability and both of them together. Linguistic untranslatability occurs when there is no equivalent language unit in the target language for a language unit in a source language. When the culture of target language is lacking a relevant situational feature of the source language, the cultural untranslatability is occurred. Sometimes both of the two types of untranslatability are occurred at the same time, and it is the third kind of untranslatability, which isn't been focused by the predecessor researchers.